كوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەكی ئەلكترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی كوردییە
www.kurdistannet.org
27-9-2007 23:10بەكاتی ناوەندی ئەورووپا

**ئەمڕۆ چۆن دروستبوو ... دەهام عەبدلباقی**

زۆر جار رەنگە هەموومان لە خۆمان بپرسین و پرسیاری وا بەخەیاڵمان دابێت كە چۆن گەلی كورد لەم بەشەی كوردستان توانیویەتی ئەزموونێكی دیموكراتی و مەدەنی خۆماڵی بونیادبنێت و تاراددەییەك خۆی بەرێوەببات، ئاشكراییە وەڵامی حازری ئەم پرسیارە ئەوەییە كە، لە ئەنجامی خەبات و تێكۆشانی سەدان ساڵەی پێشمەرگەكانی شۆڕشی كوردستان بە گشتی و پاشان پارتی دیموكراتی كوردستان بەتایبەتی هاتۆتەدی، بەڵام ئایا كەس دەڵێت ئەم خەبات و بەرخودان و خوێنرشتنە زۆرە و پێشڕەوایەتی كردنی مێژوویەكی وا بەبی سەركردەیەكی لێهاتوو و بوێر ئاكامی نابێت و هیچی لی ناكەوێتەوە.



بارزانی سەركردە و سومبولی نەتەوەیی هەموو كوردێكی گشت پارچەكانی كوردستان، ئەو فریاد رەسەبوو كە بەهانای گەلێكی بەش مەینەتی وەكو كوردە وە هات و بە زیرەكی و زانین و وریایی و حیكمەتی خۆی سەركەوتوانەو زیرەكانە كاروانەكەی بەمەنزڵ گەیاند، راستە بەهەزاران پێشمەرگە خۆیان كردە قوربانی، بەهەزاران دێهات و ئاوایی سوتان و كاولكران، بەهەزاران خانوو و زەوی كشتوكاڵی بوونەقوربانی، بەسەدان هەزار كەس ئەنفالكران و لە زیندانەكان شەهیدبوون، بەڵام ئەوەی مانای بەو هەموو قوربانیدان و كەوتن و مەینەتییانە بەخشی بارزانی سەركردەبوو.

جێی خۆیەتی گەلی كورد بە هەموو رەنگەكانییەوە، بەهەموو جیاوازی و بیروبۆ چوونەكانییەوە، بەهەموو جیاوازیەكانییەوە، تامردن شانازی بەووە بكات كە لەدوێنی سەركردەیەكی مەزن و بەشكۆی وەكو مەلامستەفای بارزانی هەبوو و رابەرایەتی كردووە، لە هەموو شكان و تێكەوتنەكان ئەو كوردی رزگاركردووە و راستكردۆتەوە، ئەمڕۆ كوڕی ئەو پیاوە دلێرە سەركردایەتی نەك هەر كوردستان بەڵكو سەركردایەتی هەموو عێراقیش دەكات بە هەموو نەتەوەكانییەوە، شیعە، سوونە، كورد، توركمان، ئاشوری، ئێزیدی....

ئەو ئەزموونەشی كە ئەمڕۆ ئێمە لە سێبەری دەژین و خەڵكانی ئاوارەی ناوچەكانی خوارو ناوەراستی عێراق تیایدا گیرساونەتەوە، ئێستا بۆتە هەرێمێكی ئاوەدان و سەرنج راكێش و نموونەیی كە بەرهەمی خەبات و هەنگاوەكانی بارزانی باووك و بارزانی كوڕە، دەبێت بۆ پاراستنی هاوكاری یەكتربكەین و لە ناوخۆمان جیاوازی و خاڵە ناكۆكەكانمان لادەین و دەست بخەینە ناودەستی یەكتر.

مایەی شانازی هەریەكێك لە ئێمەیە كە ئەو قوتابخانەییەی بارزانی بەردی بناغەكەی داناو كردییەوە، ئێستا بۆتە فێرگەی دورستكردنی چەندین كادیری بەتوانای گەنج و لێهاتوو كە نموونەیان زۆرە یەكێك لەوانە كاك پشتیوان سادقی بەرپرسی لقی دووە كە گەنجێكی كارامەیە، كە هەریەكێك لەوانە لە شوێنی خۆی خزمەتێكی گەورە بە كوردستان رۆڵەكانی دەكات، ئەوانە ئەمڕۆ بوونەتە پێشەنگی فێركاران و ئازایانە نەوەی تازە و گۆشكراو بەهزری بارزانی پێدەگەێنن، ئەوەتا هیچ دەزگایەكی حیزبی یان حكوومی نییە پرنەبێت لە كادیری پارتی.

لەسەر هەموومان پێویستە شەونخونی بكەین و بەردەوام لەكاری خزمەتكردنی كۆمەڵگا هەست بە ماندوویەتی نەكەین، ئێستا كوردستان چاوی لەدەستی ئێمەیە كە خۆمان كۆدەكەینەوە و هەرچی

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

توانایەکی کەهەمانە بیخەینە خزمەتی کۆمەڵگاو بەشێوەیەکی گەورەش لە جوڵان و چالاکی دابین، ئومێدەوارین لە ئاست پاراستنی ئەو ئەمانەتە گەورەیەدابین کە کاتی خۆی بارزانی باوك پێمانی سپاردووە، بەدڵسۆزییەوە ئەرکەکە جێبەجێبکەین.

ئەندامی ئەنجوومەنی کارگێڕی (ی، ل، د، ك)

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.